### بە دروشمی بەرەو ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان

# فیستڤاڵی نێودەوڵەتیی کوردستان بۆ فیلم لە هەولێر ئەنجام دەدرێت

KIFF

فیستڤاڵی نێودەوڵەتی کوردستان بۆفیلم

KURDISATN INTERNATIONAL
FILM FESTIVAL

**لە ساتەوەختێکی هەستیاری گرنگ و مێژووییدا کە بەرەو قۆناغی چارەنوسسازی نیشتمانیی و نەتەوەیی هەنگاو دەنێین و سەرەڕای قەیران و بەربەستەکان، بەڵام هەنگاوە نیشتمانیی ونەتەوەییەکان چڕوپڕتر دەبن. لەژێر دروشمی بەرەو ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کوردستان بۆ فیلم، لە رۆژانی ٢٦ تا ٣٠ مانگی ئابی ٢٠١٧ لە هەولێری پایتەخت ساز دەکرێ.**

شاخەوان مستەفا بەڕێوەبەری هونەری سینەمای هەولێر ڕایگەیاند: لە ژێر دروشمی (بەرەو سەربەخۆیی کوردستان) یەکەمین فیستیڤاڵی سینەمایی کوردستان لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ئەمساڵ لە هەولێری پایتەخت بەڕێوە دەچێت. بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی باڵای فیستیڤاڵ ئاگاداری سەرجەم سینەماکار و فیلمسازانی کورد لە کوردستان و سەرجەم وڵاتانی جیهان دەکات کە دەتوانن بە بەرهەمە سینەماییەکانیان (فیلمی درێژ، کورتە فیلم، دیکۆمێنتاری، ئەنیمەیشن) بەشداری فیستیڤاڵەکە بکەن.

هەڵسوڕێنەرانی فیستیڤاڵ ناوی خولی هەشتەمیان لەو فیستیڤاڵە ناوە هەرچەندە فیستیڤاڵەکە لە رووی شێوەو ناوەڕۆك و شێوازی جێبەجیکردنیدا تازەیە، بەڵام کۆکراوەی سەرجەم ئەو فیستڤاڵانەیە کە پێشتر حکومەتی هەرێم لە پایتەختدا بۆ بواری هونەری سینەمای کردووە، بۆیە بووە بە خولی هەشتەم و سەرجەم فیستیڤاڵەکانی پێشووتری لە خۆگرتووە. فیستڤاڵەکەش فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتییە و ساتەوەختی سازکردنیشی لە کات و ساتێکی ترە، بەڵام بۆ ئەمساڵ تایبەتمەندی خۆی هەیەو هاوکات لەگەڵ پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی و هەنگاوی چوونی گەلی کوردستان بەرەو ریفراندۆم و سەربەخۆیی و خولی ئەم ساڵیشی تایبەتە بە فیلم و سینەمای کوردی لە کوردستانی گەورە و دەرەوەدا.

ئەمساڵ ٩ خەڵات بەسەر باشترینەکان دابەش دەکرێ و خەڵاتەکەش خەڵاتی (داربەڕووی زێڕین)ـە کە ئەویش تایبەتمەندی خۆی هەیە و وەك بەڕێوەبەری فیستیڤاڵ شاخەوان مستەفا باسی دەکات «داربەڕوو دارێکی پتەوەو رەگی لەنێو خاکدا قوڵ چەقیوەو بەرگەی سەختی و سەرماو سۆڵەی زستان و گەرمای هاوین دەگرێت و لە سەردەمی خەبات و بەرگری شاخیشدا ئەو رووەکە خۆراکی سەرەکیی پێشمەرگە بووە لە چیاکانی کوردستان «.

لەبارەی شێوەی هەڵکەوتەی خەڵاتەکەش بەڕێوەبەری فیستڤاڵ دەڵێ: «خەڵاتە داربەڕووەکە لەچوار گەڵاو بەرهەمێکی بەڕوو پێکهاتووە، کە چوار گەڵاکە ئاماژەیەکی روونە بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان کە دوژمنان لە دێرزەمانەوە بە زۆر دابەشیان کردووە، بەڕووەکەش ئاماژەیە بۆ بەرهەمی چەندین ساڵەی خەبات و تێکۆشانی کورد لە باشووری کوردستان و هەوڵدان بۆ درووستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردستانی دەوڵەمەند و بەرهەمدار و بەهێز.

دەربارەی سازکردنی ئەم فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەی ئێستاش ناوبراو وتی «ئێمە ساڵێك زیاترە خەریکی خۆسازکردنین بۆ ئەم فیستڤاڵە، لەو ماوەیدا بەردەوام کارمان لەسەر پلان و بەرنامەیەکی تۆکمە کردووە بۆ سازکردنی فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، چاوەڕێی دەرفەتێکی گرنگ بووین بۆیە رامان نەگەیاند، ئێستاش کە بەشێوەیەکی کردارەکی کار بۆ بەڕێوەچوونی ئەو فیستیڤاڵە دەکەین، دەستەی بەڕێوەبردنی فیستیڤاڵ کە لەچەند بەشێکی گرنگ پێکهاتووە، شەو و رۆژ کار دەکەن، بۆیەش خۆشبەختانە بە دەنگەوەهاتنێکی زۆر لەلایەن فیلمسازان و سینەماکارانی کورد بۆ ئەم فیستیڤاڵە هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش لەماوەیەکی زۆر کەمدا، فیلمێکی زۆرمان بەدەست گەیشتووەو زۆربەی کارە گرنگەکانمان دەتوانم بڵێم سەدا پەنجای زیاتری تەواو بووە تەنیا پێویستیمان بە هاندان و هاوبەشی و بەشداری کاراو گرنگی هەندێ دەزگاو لایەن و کەرتی تایبەت هەیە بۆ زیاتر سەرخستنی پڕۆژەکە، چونکە دەمانەوێ بە شێوەیەکی زۆر تێر و تەسەل فیستیڤاڵەکە بەڕێوە دەبەین».

سەبارەت بەو چالاکییانەی کە لە رۆژانی فیستیڤاڵ ئەنجام دەدرێن بەڕێوەبەری فیستیڤاڵ وتی: لە رۆژانی فیستیڤاڵیشدا جگە لە پیشاندانی فیلمە بەشداربووەکانی کورت و درێژ و دۆکیومێنتاری و ئەنیمەیشن، رۆژانەش پانێڵی تایبەت لەسەر پرسی سینەما و سەربەخۆیی بۆ سینەماکارە بە ئەزمونەکان هەیە جگە لە چەندین سوپرایزی هونەری کە لە کاتی خۆیدا ئاشکرا دەکرێن.

وەك پلانیشمان بۆ داناوە، (٣٠) فیلم بە هەر چوار بەشەوە دەچنە پێشبڕکێی سەرەکی فیستڤاڵەوەو چەندین فیلمی تریش وەك ریز دەچنە بەشی نمایشی تایبەتەوە، لە کردنەوەی فیستڤاڵیش بۆ یەکەمجار لە مێژووی هونەریدا مانیفێستی سەربەخۆیی سینەماکارانی کوردستان دەخوێندرێتەوە.

هەر فیلمێك براوەی پێشبڕکێی فیستیڤاڵ بێت، خەڵاتی ماددی و مەعنەوی پێدەدرێت، کاتی وەرگرتنی فیلمەکان لە (١٥) ی ئایار دەست پێدەکات، تا (١٥) ی تەموزی (٢٠١٧)، هەروەها شوێنی وەرگرتنی فیلمەکان، لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای هەولێر دەبێت.

لیژنەی باڵای فیستیڤاڵ پێکهاتوون لە هەریەك (د. سالار عوسمان) بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، (فەرهەنگ غەفوور) بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیریی و هونەر هەولێر، (شاخەوان مستەفا)، بەڕێوەبەری هونەری سینەمای هەولێر.

# نامە سۆزدارییەکەی مادۆنا دەفرۆشرێن



بڕیار وایە لە ماوەیەکی نزیکدا نامەیەکی ئەڤیندار خانمە گۆرانیبێژی پۆپی ئەمریکی مادۆنا لە مەزادێکی ئاشکرادا بفرۆشرێ، هەر بۆیە مادۆنا هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ڕێگا لەم کارە بگرێ و نهێنی پەیوەندییەکەیان ئاشکرا نەبێت.

ئەم نامەیە لەلایەن گۆرانیبێژ ڕاپی کۆچکردوو تۆباك شاکور لە زیندانەوە بۆ مادۆنا نێردراوە و تێیدا باس لە کۆتاییهاتنی پەیوەندییەکەیان دەکات، هەروەها یاداشتێکی تایبەتی مادۆنایە کە زۆر بە نەرێنی باس لە هەر یەکە لە گۆرانیبێژ ویتنی هیوستن و خانمە ئەکتەر شارۆن ستۆن دەکات، هەر بۆیە مادۆنا لە دادگای نیۆیۆرك داوای کرد کە ئەم مەزادە ئەنجام نەدرێت. ئەم نامەیە لەلایەن هاوڕێیەکی مادۆنا بە ناوی دارلین لۆتز پێشکەش کراون بە مەبەستی فرۆشتنیان لەو مەزادە، بۆیە مادۆنا لە داواکەی بۆ دادگا ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە هیچ زانیارییەکی دەربارەی ئەنجامدانی ئەم مەزادە ئاشکرایە نییە و لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە هەواڵەکەی بیستووە و ئێستا ئەو نامەیەی لە لا نییە و نازانێت لە کوێیە، لە هەمان کاتدا هاوڕێکەی خۆی بە ناپاك وەسف کرد و ڕایگەیاند: ئەو ڕاوێژکار و هاوڕێم بووە و ناپاکی لەگەڵ کردم بە نمایشکردن و فرۆشتنی کەلوپەلەکانم بێ ئەوەی ڕەزامەندی من وەربگرێت.

لەلایەن خۆیانەوە نوێنەری ئەو خانەیەی کە مەزادەکە ئەنجام دەدات و دارلینی هاوڕێی مادۆنا هەوڵەکانی مادۆنایان بە بێ بنەما وەسف کرد و ڕایانگەیاند کە لە دادگا تانە لە داواکەی دەدەن.



## بەیتۆ جان:

سەرەڕای ئەوەی بەیتۆ جان لە خانەوادەیەکی شێخی خاوەن موریدەوە هاتۆتە نێو بواری هونەری، ئەمەش تا ڕادەیەك سەخت بووە، بەڵام توانی سەرکەوتوو بێ و بە گۆرانی و ستایلە تایبەتییەکەی خزمەتێکی باش بە هونەری کوردی بکات و بگاتە ئەو ئاستەی کە لە هەموو پارچەکانی کوردستان ناسراو بێت و خاوەن جەماوەری خۆی بێت.

بەیتۆ جان سەبارەت بە تێکەڵکردنی هونەری کوردی بە هونەری میللەتانی دیکە دەڵێ: من هیچ کات لەگەڵ ئەوەدا نیم کەوا هونەری کوردی تێکەڵ بە هونەری نەتەوەکانی تر بێت، چونکە هەر میللەت و وڵاتێك بە هونەری خۆیەوە ناسراوە، بەوە جیا دەکرێتەوە، کە هونەرەکەیان



# نیکۆڵ کیدمان بێزارە بووە

خانمە ئەکتەری ناسراوی ئوستراڵی نیکۆڵ کیدمان رایگەیاند کە لە کاتی وێنەگرتنی دیمەنەکانی زنجیرە درامای (Big Little Lies)، کە رۆڵی (سیلسین) دەبینێت، دوچاری چەندین برینی راستەقینە لە لەشی بووە.

ئەم زنجیرەیە لە سەرەتای ئەم ساڵ لە کەناڵی (HBO) نمایش کراوە و باس لە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی دەکات و تێیدا کیدمان رۆڵی سیلیسن دەبینێت کە دووچاری توندوتیژی سێکسی و خێزانی دەبێتەوە، کیدمان لە دیمانەیەکی لەگەڵ ماڵپەڕی (Hollywood Reporter) باسی لەوە کرد کە لە دوای وێنەگرتنی دیمەنەکانی زنجیرەکە هەستی بە تووڕەبوونێکی زۆر کردووە، بەتایبەتی لەو دیمەنەی کە دوچاری توندوتیژی سێکسی دەبێتەوە و ئەم دیمەنەی بە (ترسناك) وەسف کرد، ئەمەش وای لێکرد کە تا ماوەیەکی زۆریش لە دوای وێنەگرتنی ئەم دیمەنە هەستی بە تووڕەیی دەکرد، هەر لەم بارەوە کیدمان وتی: کاتێك گەڕامەوە ماڵەوە، زۆر تووڕە بووم، بە جۆرێك بەردێکم لە دەرگایەکی شووشەی ماڵەوە دا، چونکە زۆر تووڕە و نیگەران بووم لە وێنەگرتنی ئەم دیمەنە، بەڵام هەوڵمدا دیمەنەکە زۆر سروشتی بێت، بۆیە برینەکان راستەقینە بوون و پێشتریش خۆمان بۆ دیمەنەکان ئامادە نەکردبوو، تەنانەت دیمەنە سێکسییەکانی دوای توندوتیژی و لێدانیش، هەر دوای وێنەگرتنیش لەشم تووشی چەندین برین بوو، بەوەش زۆر دڵتەنگ بووم و بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی لەشم بڕێکی زۆر دەرمانم خوارد.

لە بارەی کاردانەوەی هاوسەرەکەشی کیدمان وتی: دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە، کیت ئوربانی هاوسەرم زۆر دڵتەنگ بوو بە بینینی ئەو برینانە و هەستی بە تووڕەبوونێکی زۆر کرد، بەڵام دەیگوت من هاوسەری ئەکتەرێکم و دەبێ ئەو کارانە ئاسایی بێت بۆ ئێمە.

# بە سەربەخۆیی هونەری کوردیش یەکدەخرێت

هەندێك خاسییەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

سەبارەت بە خزمەتکردن و پاراستنی هونەری رەسەنی کوردی بەیتۆ جان دەڵێت: تا کوردستان نەبێتە یەك وڵاتی سەربەخۆ هونەریشی پارچە پارچە دەبێت، چونکە ئەگەر سەیری هونەری هەر چوار پارچە و ئەورووپاش بکەین هەر یەکەیان ستایلێکی تایبەتی خۆی هەیە. رەنگە زۆر جار گلەیی بکرێت لە هونەرمەندانی باشوور من گلەییەکان بە گونجاو دەزانم، چونکە ئێمەی چینی هونەرمەند هیچ کات نابێت تەنیا سەیری دەورووبەری خۆمان بکەین تەنیا نزیك بین بین، بەڵکو دەبێت ئێمە دووریش ببینین، بۆ ئەوەی بە راستی ببینە خەمخۆری میللەتەکەمان، بۆ ئەوەی خەڵکی خۆمانیش رەخنەمان لێ نەگرێت و بە خراپی باسمان بکەن، بەڵام دەبێت هەوڵبدرێت بەتایبەتی هونەرمەندانی ئەم پارچەیە کە پارچەیەکی ئازادە و بە ئازادانە دەتوانی هەر کارێك بکەن بۆ ئەوەی پارچەکانی تریش هەست بەوە بکەن کەوا لەم پارچەیەی ئازاد خەمەکانیان دەزانرێت.

دۆتمیر نازێ:

# بە شانازییەوە ئامادەم گۆرانی بۆ کوڕی کورد بڵێم



دۆتمیر نازێ یەکێکە لە گۆرانیبێژە گەنجەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ساڵی ١٩٩٣ لە شاری ورمێ لەدایک بووە، لەبەر ئەوەی باوکی پێشمەرگە بوو، ئەو ماڵباتە ناچار بوون روو لە هەندەران بکەن و لە سوید بگیرسێنەوە و ١٧ساڵە لەوێ نیشتەجێن. دۆتمیر نازێ ئێستا لە سەرەتای کاروانی هونەری خۆیەتی و وەك خۆیشی دەڵێ حەزی دەکرد زووتر بهاتبایە نێو گۆڕەپانی هونەری کوردی، بەڵام ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساوە، ئێستاش هەنگاوە سەرەتاییەکانی دەست پێ کردووەو چەندین بەرهەمی پێشکەش کردووە، ئێمەش لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کردو بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.



**• بەپێی ئەزموون و تەمەن تۆ ئێستا لە سەرەتای کاروانی هونەریدای، ئایا هەست دەکەی وەك پێویست ناسراوی بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان؟**

- هەست دەکەم تا رادەیەك ناسراوم لە نێو جەماوەر، بۆ نموونە گۆرانی لاوێ کورد دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان، واتە لە هەموو پارچەکان دەمناسن، ئەمەش مایەی خۆشحاڵی و سەربەرزییە بۆ من، راستە تا ئێستا دەرفەتی ئەوەم نەبووە لە کوردستان کۆنسێرت ساز بکەم، بەڵام لە سوید ئاهەنگی زۆرم هەبووە و بەردەوامیشم لە کاری هونەری، سەبارەت بە رۆژهەڵاتی کوردستان بە شانازییەوە دەڵێم لە هەموو ناوچەکانی رۆژهەڵات ناسراوم لە ئورمیەوە تا کرماشان، ئەگەر سەیری کلیپەکەم بکەیت لەو کۆمێنتانەی کە دەنووسرێن هەست بەوە دەکەیت تەنانەت ئەگەر لە شاشەکاندا کلیپێکی من نمایش بکرێ جەماوەر دەمناسنەوە، بەڵام بەداخەوە سەردان و هاتوچۆی رۆژهەڵاتی کوردستان لە من قەدەغە کراوە ئەویش دوای پێشکەش کردنی سروودی (سڵاڤ بو پێشمەرگە) و رەنگە نەتوانم هیچی تر سەردانی زێدی باب و باپیرانم بکەم لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

**• زۆر کەس دەڵێن هونەر لە ئەوروپا زۆر زەحمەتە، بۆ تۆ چۆنە؟**

- کاری هونەری بە گشتی ئاسان نییە بەو جۆرەی کە هەر کەسێك ویستی خۆی لەو دەریایە بدات، پێویستی بە پاڵپشتی زۆر هەیە، سەرەتا لە خانەوادەکەتەوە.

**• دوای ئەوەی دەستت دایە کاری هونەری، لە ئێستادا ئەو ئاستەنگانە چین کە هاتوونەتە سەر رێگات؟**

- من وەکو دۆتمیر تا ئێستا رووبەرووی ئاستەنگی وا نەبوومەتەوە کە شایەنی باس کردن بێت و پەنا بە خوا رووبەرووی ئەو جۆرە ئاستەنگانە نابمەوە لە داهاتووشدا، بەشێوەیەکی گشتی ئاستەنگ ئەوەیە کە هونەرمەند هەوڵ بدات و خۆی ماندوو بکات لە هەموو روویەکەوە لە بەرامبەردا دەبینی کە هونەری کوردی ئەو گرنگییە پێویستەی پێنادرێت، ئەمەش وایکردووە کە هونەری کوردی لە ئاستێکی نزمدا بێت و دەبینین کە هونەری تورکی و فارسی و عەرەبیی تێکەڵ بووە و تام و چێژی جارانی نەماوە.

**• ئەو گۆرانیانەی پێشکەشت کردوون تێکستەکانی لە ئاستێکی بەرزدان، کێ هاوکاریت دەکات لە هەڵبژاردنی ئەو تێکستانە؟**

- بە حوکمی ئەوەی خۆم هێشتا بە منداڵ دەزانم لە نێو گۆڕەپانی هونەری کوردیدا لە هەموو کاری هونەریمدا پرس بە کەسانی شارەزای بواری هونەری کوردی دەکەم سەبارەت بە هەر گۆرانییەك کە لە چ ئاستێکدایە و تا چەند لەگەڵ دەنگی من دەگونجێت، لەوانە مامۆستا ئەدیب چەلکی و چەندین کەسی دیکەی شارەزا لە موزیك، سەبارەت بە تێکستی گۆرانییەکانیش، من ئەوانە هەڵدەبژێرم کە خۆمی تێدا ببینمەوە و بزانم چۆن لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازیی لێ دەکرێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەی راوێژ بە کەسانی شارەزا دەکەم.

**•هونەری کوردی لە قۆناغێکی تایبەت و ئاڵۆزدایە و هونەرمەند زیاتر بوونەتە قوربانی، پێتوایە هونەرمەندان تاکەی دەتوانن قوربانی بدەن بێ ئەوەی هیچیان دەستکەوێت؟**

-بە داخەوە مافی هونەرمەندی کورد بە هیچ شێوەیەك ناپارێزرێ لە هەموو روویەکەوە، هەروەها کەسانێك هەن ئەگەر بیانەوێ کەسێك پێش بخەن ئەوا بە هەموو شێوەیەك یارمەتیی دەدەن و لە بەرامبەردا کەسانی دیکە ژێر دەخەن و من نازانم ئەمە لە بەرامبەر چییە، بەڵام ئەو جۆرە کارانە بوونیان هەیە، من وەك دۆتمیر تا ئێستا نە سەر خراوم نە ژێر خراوم و لە قۆناغێك دیاریکراوی هونەریدام.

**• لە هونەری کوردیدا زۆربەی تێکستەکان وابوون کە لە کوڕێکەوە بۆ کچێك بێت، بەڵام بارودۆخەکە ئێستا گۆڕاوە و کچیش گۆرانی بۆ کوڕ دەڵێ، گۆرانی (لاوێ کورد) کە بەم دواییە پێشکەشت کرد کاریگەریی ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر تۆ هەبووە وەك کەس؟**

- راستە هەر لە قۆناغەکانی هونەری کلاسیکەوە تا ئێستا زۆربەی گۆرانییەکان بۆ کچ گوتراوە کەس بۆ کوڕی بەستەزمانی نەدەگوت، تێکستی گۆرانی (لاوێ کورد) هی مامۆستا ئەدیب چەلکییە و ئاوازەکەشی فۆلکلۆرەو گۆرانییەکەم زۆر بە دڵ بوو، لە کاتی تۆمارکردنی گۆرانییەکەو دواتر تۆمارکردنی کلیپەکە زۆر کەس حەزیان لەو گۆرانییە کرد و پێیان گۆرانییەکی زۆر خۆش بوو، ئێستا لە یۆتیۆب زیاتر لە یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار کەسی گۆرانییەکەیان بینیوە لە ماوەی پێنج مانگدا، من بە شانازییەوە ئامادەم گۆرانی بۆ کوڕی کورد بڵێم.

**• لە بەرنامەتدا نییە کارێکی هونەریی تایبەت بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی پێشکەش بکەی؟**

- ریفراندۆم و سەبەرخۆیی کوردستان دەرفەتێکی زێڕینە بۆ کورد رەخساوە، بۆیە پێویستە هەموو هەوڵێکمان بخەینە گەڕ بۆ سەرخستنی و مافی خۆمان بەدەست بهێنین و وەکو هەموو میللەتان ببینە خاوەن دەوڵەت و ئاڵای و جلوبەرگ و کەلتووری خۆمان لە جیهاندا بناسرێین، نابێ هیچ کوردێك ئەم دەرفەتە لە دەست بدات، ئێستا کاتی ئەوەیە کە دەوڵەتی خۆمان رابگەیەنین و بە دڵ و گیان ریفراندۆم پیرۆز دەکەم و هەمیشە ئاواتم ئەوەیە کە ئێمەی کورد بە یەکڕیزی و تەبایی بژین، چونکە دەرمانی هەموو دەرد و ناخۆشییەکانمان یەکبوونی ئێمەیە، نابێ ئاستەنگ لەبەردەم سەربەخۆیی دروست بکەین، بەڵکو پێویستە کوردانی هەموو پارچەکان پشتگیری لە ریفراندۆم بکەین.